ئەو پۆشاکەی لە خوار قولەپێیەکانەوە بێت لە ئاگردایە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەو پۆشاکەی لە خوار قولەپێیەکانەوە بێت لە ئاگردایە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆشداریداوە بە پیاوان سەبارەت بە شۆڕکردنەوەی هەر پۆشاکێك بۆ خوارەوەی قولەپێیەکان؛ ئەمیش ئەو پۆشاکانە دەگرێتەوە کە نیوەی خوارەوەی لاشە دادەپۆشن وەکو شەڕواڵ وجلی تر، ئەو پیاوەی پۆشاکەکەی شۆڕ بێتەوە بۆ خوارەوەی قولەپێیەکانی؛ ئەوا لە ئاگردایە ئەمیش وەک سزایەک لەسەر ئەو کارەی.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/66386